# ڕاگەیاندنی هاوبەشی چوار حیزب و ڕێکخراویی سیاسی

*هاوڵاتیانی ئازادیخواز*

ڕۆژی ١٩ی ڕێبەندان، ماڵپەڕی "بازتاب"، سەر بە دەبیری "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام"ی کۆماری ئیسلامی، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستکرد لە زمان سەرچاوەیەکی ئەمنییەتی حکوومەتەوە، زۆر بێشەرمانە ئیدعای ئەوەی کردووە کە لە هەفتەی ڕابردوودا چەند ڕەوتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن، لە دانیشتنێکی هاوبەش لە ئورووپادا، ڕایانگەیاندووە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕوانینی نگەتیڤی ئورووپا و ئەمریکا بۆ کۆماری ئیسلامی، ئێستا باشترین هەلە هەتا ناوچەکە بشێوێنین! لەم هەواڵە پڕ لە درۆ و دەلەسەیەدا، وێڕای شادی دەربڕینی ئەو سەرچاوە ئەمنییەتییە لەم دانیشتنە درۆیینەیە و بڕیاری بەشدارانی هاتووە: ئەم دانیشتنە داوی هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی ئەو ڕەوتانە بووە و ئێمە لەم هەلە ڕەخساوە بۆ بەرخورد کردن پێیان پێشوازی دەکەین.

ئێمە چوار حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ڕادەگەیێنین:

١. ئەوەی لە ماڵپەڕی بازتابدا هاتووە، بە تەواوی درۆیە و دانیشتنێ لە نێوان ئەو ڕەوتە سیاسییانەدا نەبووە.

٢. هەوڵەکانی ئێمە بۆ کۆتایی هێنان بە سەرەڕۆیی دەسەڵات، داکۆکی لە مافی مرۆڤ، خواستەکانی کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، گەلانی ژێر دەستە و دژایەتی ئاشکرای ئێمە لەگەڵ بەرنامەی شەڕئەنگێزیی ناوکی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکانی ئێمەدا ڕەنگیان داوەتەوە و لە بەر دەستی هەمووان دایە.

٣. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ڕووبەڕووی گەلێك قەیرانی قووڵی ناوخۆیی و دەرکی بۆتەوە و ناڕەزایی ڕوو لە گەشەی بەرەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەباتی گەلانی ژێر دەستە ترسی خستۆتە دڵیەوە، پێویستی بە ساز کردنی درۆ و چەواشەکاری لەم چەشنەیە بۆ سەرپۆش دانان لەسەر ئەو بنبەستانەی تێیکەوتووە.

٤. ئەم کردەوەیە، دەری دەخات کە کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ سەرکوتی نەیاران ئامادە کردووە و ئەمە تەنیا یەکێك لەو دەیان پیلانەی ئۆرگانە سەرکوتگەر و ئەمنییەتییەکانییەتی دژ بە ئۆپۆزیسیۆن.

٥. ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە نیگەرانی پێکهاتنی یەکێتی سیاسیی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانن و لە هەوڵدان بەر بە پێکهاتنی هاوپشتی سیاسی لە نێوان ڕەوتە سیاسییەکان بگرن و چەند بەرەکایەتی بخەنە نێوانیان و سیمایان خەوشدار بکەن، لە هاوکاری نێوان ئێمە، ٤ ڕەوتی سیاسی نیگەرانن و لەوەی کە ئەمجۆرە هاوپشتییانە لە نێوان هێزە پێشکەوتنخواز و دێمۆکراتەکاندا، هیوا و ئومێد بە جەماوەر دەدا، تووڕەن.

ئێمە چوار حیزب و ڕێکخراوی سیاسی ڕادەگەیێنین، کە سوورین لە سەر ئەوەی خەباتی خۆمان بە دژی حکوومەتی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی، بە شێوەی یەکگرتووتر درێژە پێ بدەین و بۆ پەرەدان بەو هاوپشتییە سیاسییە، هەنگاوی پتەوتر هەڵگرین.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی ئیتحادی فیدائیانی خەڵکی ئێران
ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران ( ئەکسەریەت)
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

*ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە*

# ئێعدامی حوجەتی زەمانی، تێکۆشەری سیاسی و کوشتنی ڕۆژنامەوانی لاو، ئیلهامی ئەفرووتەن

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، ٢٦ی ڕێبەندان، کۆماری ئیسلامی، حوجەتی زەمانی، تێکۆشەری سیاسی ئێعدام کرد. هەفتەیەك بەر لەوە، حوجەتی زەمانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرابوو. حوجەتی زەمانی کە لە ساڵی ١٣٨٠وە لە زینداندا بوو، چەندین جار هەڕەشەی ئێعدامی لێکرابوو. حوجەتی زەمانی لە هاوینی ١٣٨٣دا، لە لقی ٦ی دادگای ئینقلابی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی قازی حەقانی، بە چوار جار ئیعدام مەحکووم کرا کە ئەم حوکمە لە دیوانی باڵا لە لایەن مۆحسێن ئێژەیی و نەبی ڕاجی بە دوو جار ئێعدام و دانی دیەی تەوا گۆڕدرا.

حوجەتی زەمانی، زیندانییەکی سیاسی خۆڕاگر و ورەبەرز بوو کە لە ماوەی ٤ ساڵ زینداندا، لە حاڵێکدا کە چاوەڕوانی ئێعدام بوو و لە ژێر سەخترین ئەشکەنجەدا بوو، هەرگیز ورەی تێکنەشکا. دوایین مانگرتن و خەباتی لە زینداندا، مانگرتن و ئێعتراز بە گرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحد بوو.

ئێعدامی حوجەتی زەمانی، پەڵەیەکی ڕەشی دیکەیە بە ناوچاوانی کابینەی شەڕ و مەئمووڕانی ئەشکەنجە و تیری خەلاس، کە ناوی وەزیر و هەیئەتی دەوڵەتیان لە سەر خۆیان داناوە. ئێمە ئێعدامی ئەم خەباتکارە پەیگیرە مەحکووم دەکەین، سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی دەکەین و ناوی بۆ هەمیشە لە پاڵ ناوی ئەوانەی وا قارەمانانە گیانیان بەخت کرد، دەمێنێتەوە.

لە پیلانێکی دیکەدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە باشووری ئێران، ڕۆژنامەوانێکی لاویان بە ناوی ئیلهام ئەفرووتەن لە ناو بردووە و ڕایانگەیاندووە کە لە زینداندا خۆی کوشتووە و ئەو درۆ و دەلەسەیان دەرخواردی چاپەمەنییەکان داوە.

ئیلهام ئەفرووتەن ڕۆژنامەوانێکی لاو بوو کە بۆ حەوتوونامەی "تمدن هرمزگان" کاری دەکرد و وێڕای ٦ کەسی دیکە لە هاوکارانی، ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان قۆڵبەست کرا. تاوانی ئەو کەسانە لە چاپ دانی تەنزێکی سیاسی بوو کە نووسیبوویان، مێژووی سەرهەڵدانی نەخۆشینی ئەیدز لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٥٧، کە پێشووتر ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان ئەو بابەتەیان بڵاو کردبۆوە.

ڕۆژنامەی" همبستگی" لە ژمارەی شەممە ٢٧ی ڕێبەندان لە زمان ئوستانداری هۆرموزگان، عەبدول ڕەزا شێخول ئیسلام، هەواڵی خۆکوژی ئیلهام ئەفرووتەنی تەئید کرد و نووسی: ئەو زیندانییە، پێشووتر دوو جار دەستی بۆ خۆکوژی بردبوو. بە پێی هەواڵە جۆراوجۆرەکان، ئیلهام ئەفرووتەن، لە ماوەی دەستبەسەر بوونیدا، لە ژێر سەخترین ئەشکەنجە و لێداندا بووە و ڕاگەیێنەرەکان ناویان ناوە زارای کازمی بەندەر عەباس، چونکە چارەنووسی ئیلهام ئەفرووتەن وەبیرهێنەرەوەی ئەشکەنجە کردن و کوشتنی زارا کازمییە کە بیروڕای جیهانی هەژاند. ئیلهام ئەفرووتەن یەکەمین و ئاخرین قوربانی ڕژیمی سەرکوتگەر و دژە ئازادی و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی نییە. تەنیا و تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و بە هێزی جەماوەری دەکرێ بەر بەم جینایەتانە بگیرێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ئیلهام ئەفرووتەن و حوجەتی زەمانی و
هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی بەدی هێنانی ئازادی
سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
جومعە ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٤
١٧ی فێوریەی ٢٠٠٦

ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# پشتیوانی لە ڕۆژی جیهانی داکۆکی لە کرێکارانی ئێران

کۆنفێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و فدراسیۆنی ئیتحادییە جیهانییەکان، ڕۆژی ١٥ی فێبریە، ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی وەک ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران ناودێر کردووە. ئەم ڕێکخراوە کرێکارییانە، داوایان لە هەموو ئیتحادیەکان لە سەرتاسەری جیهان کردووە، لە هەر وڵاتێ باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لێ¬یە، بە وەرێخستنی خۆپیشاندانی ئیعترازی، پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران بکەن، یان لە نەبوونی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیدا، لە بەرانبەر وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە کۆبنەوە و پشتیوانی لە خواستەکانی کرێکارانی ئێران بکەن.

کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و فدراسیۆنی ئیتحادییە جیهانییەکان، بەمجۆرە باسیان لە خواستەکانی کرێکارانی ئێران کردووە هەتا لە ڕۆژی جیهانی پشتیوانی کردن لەوان، بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە بیانهێننە ئاراوە:

١. بە ڕەسمی ناسینی مافی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری لە ئێران
٢. ئازادی مەنسووری ئۆسانلوو و هەموو کرێکارانی لەبەند کراوی شیرکەتی واحد
٣. دان پێدانانی بەڕێوەبەرایەتی شیرکەتی واحد بە مافی کرێکاران بۆ پێکهێنانی سەندیکا
٤. بە ڕەسمی ناسینی مافی قەراردادی بە کۆمەڵ
٥. دانی هەقدەستە نەدراوەکانی هەموو کرێکاران و ئەندامانی سەندیکا

کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و بزووتنەوەی ئیتحادییەی ئێران، تین و تەوژم و هیوای نوێ بە خەباتی ڕەوای ئەوان دەدا کە بە تایبەت لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا، خەباتەکەیان لە بێدەنگی ڕاگەیێنەرەکانی ناوخۆ و دەرەوە و لە دۆخێکی نالەبار و دژواری ژیان و ئەمنییەتیدا بەرەوپێش بردووە. کۆمەڵە پشتیوانی هەمەلایەنە لەم هەوڵە نێونەتەوەییە دەکا و بانگەوازی هەموو ڕێکخراوەکانی لایەنگری بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو خەباتگێران و خوازیارانی بەدی هاتنی ئازادی و مافی مرۆڤ دەکا، بە هەموو توانەوە، بە ناڕەزایی دەربڕین و بەشداربوونیان لەو خۆپیشاندانانەدا، ڕۆژی جیهانی یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکاری بکەن بە ئەزموونێکی نوێ بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران.

هەموو تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، هەموو ئەندامان و لاینگرانی کۆمەڵە لە هەر سووچێکی جیهان، نە تەنیا دەبێ بەشداری لە خۆپیشاندانە ئیعترازییەکانی ئەو ڕۆژە جیهانییەدا بکەن، بەڵکوو دەبێ ڕێکخەرانی ئیعترازەکانی ئەو ڕۆژە لە شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونیان بن.

بە هێز بێ یەکێتی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران
٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٤
١١ی فێبریەی ٢٠٠٦

*ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە*

# خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی شاری ماکۆ خەڵتانی خوێن کرا

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی ڕێبەندان، ڕێکەوتی ١٥ی فێڤرییە، کۆمەڵێ لە لاوان و خەڵکی شاری ماکۆ، خۆپیشاندانیان وەڕێخست و ناڕەزایی خۆیان لە درێژە دان بە زیندانی کردنی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری PPK لە لایەن دەوڵەتی تورکیە دەربڕی و بە دژی دەوڵەتی تورکیە و بۆ پشتیوانی لە ئۆجەلان دروشمیاندا. بەڵام ئەم خۆپیشاندان و کۆبوونەوە هێمنانەیە لە لایەن هێزەکانی ئینتزامییەوە بەوپەڕی بێڕەحمی و دڵڕەقی سەرکوت و خەڵتانی خوێن کرا.

بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بوونەوتەوە، لە ئاکامی هێرشی چەکدارانەی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی شاری ماکۆ، ٧ کەس بە ناوەکانی: عەلی کەریمزادە کوڕی عومەر، محەممەد کوڕی نیرو، بەهرام، بورهان کوڕی حەسەن خەڵکی ئاوایی شاتری سەر بە ماکۆ، عادڵ ماکۆیی خەڵکی ئاوایی جەنگە، بایرام ئارسن و یووسف کەفاشی کوڕی ئیسماعیل گیانیان لە دەست داوە و ٢٥ کەس بریندار بوون. بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاو کراونەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری ماکۆ گیراون و لە چارەنووسیان زانیارییەك لە بەردەستدا نییە.

خەڵتانی خوێن کردنی خۆپیشاندانی هێمنانەی جەماوەرێك کە خوازیاری ئازادیی زیندانییەکی سیاسیی دەوڵەتێکی دیکە بوون کە ٧ ساڵ لەوە پێش بەر بەر چاوی خەڵکی جیهانەوە ڕفێندرا، دوژمنایەتی قووڵ و جینایەتکار بوونی ڕژیمی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە ئێران، بە تایبەت کابینەی ئەحمەدی نژاد لەگەڵ خەڵکی کوردستان، جارێکی دیکە بە باشی نیشان دەدا. کابینە ئەحمەدی نژاد کە ئەندامانی، هەموویان ئەشکەنجەگەرانی ناو زیندانە سامناکەکان ومەئموورانی تیری خەلاس و فەرماندەکانی سوپای پاسداران و جێبەجێکەرانی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانن، بێجگەلە جینایەت، هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندن و تۆقاندنی خەڵك، کارنامەیەکی دیکەیان نییە. هاوکات لەگەڵ ئەم کوشتارە وەحشیانەیە، دوو زیندانی سیاسی دیکە لە لایەن ڕژیمەوە ئێعدام کراون، کەمایەتییەکی ئایینی لە شاری قوم سەرکوت کراون و عیبادەتگاکەیان تێکڕووخێنراوە و کاربەدەستانی گەورە و بچووکی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی جیدیان لە هەموو زیندانیانی سیاسی کردووە.

ئێمە کوشتاری خەڵکی شاری ماکۆ مەحکووم دەکەین. تاوانبارانی دەبێ بناسێندرێن و سزا بدرێن. خواستی ئازادیی ئۆجەلان مافێکی ئاساییە. ئێمە وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆمان بە هۆی گیانبەختکردنی ژمارەیەك لە خەڵکی بێدیفاعی شاری ماکۆ، سەرەخۆشی لە خانەوادەکانیان و خەڵکی شاری ماکۆ و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و دڵنیاین کە ناویان هەرگیز فەرامۆش ناکرێ و درەنگ یان زوو خۆری ئازادی ئاسۆی کوردستان ڕووناك دەکات.

سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلام
سەرکەوێ بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٤_ ١٧ی فێڤرییەی ٢٠٠٦

ڕاگەیاندنی ژمارە ١ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# لە مانگرتن وداخوازیی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحد پشتیوانی بکەین

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحدی تاران ودەوروبەری ، ڕۆژی٤ی ڕێبەندان، بەدەرکردنی ڕاگەیاندنێك، ڕایانگەیاندووە کە ماندەگرن. لەو ڕاگەیاندنەدا داوا لە هەموو شۆفیرە بوێر و هەقخوازەکانی شیرکەتی واحید لە دوو شیفتی بەیانی وعەسەر وکرێکارانی تەعمیرگاکان و١٠ گەڕەکی سەرەکی شاری تاران وئۆتوبووسی بەرقیو واحیدی گەشت لێدان و کاروباری ئیداری کراوە، بەهاوپشتی ویەکگرتووییەکی بوێرانە، ڕۆژی ٨ی ڕێبەندان، لە بەیانییەوە دەست لە کاربکێشنەوەو کۆبۆبوونەوەی ناڕەزایی دەربڕین سازبکەن ومانگرتنەکەیان هەتا ئازادی ئاغای مەنسووری ئۆسانلوو و بەڕەسمیەت ناسین سەندیکا ورێك کەوتنی بەکۆمەڵ، درێژە پێ بدەن و خۆیان لە گەڵ بڕیارەکانی دیکەی هەیئەتی مودیرەی سەندیکا ڕێك بخەن. لەوراگەیاندنەدا هاتووە: هەتا گەیشتن بە خواستەکانمان، مانگرتنەکەمان درێژە پێ دەدەین.

بە بانگەوازی مانگرتن لە لایەن سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید و پاش چەندین مانگ خەبات وبەربەرەکانی ومانگرتنی یەك لەدوای یەك، ئێستا ئیتر کرێکارانی شیرکەتی واحید لە بڕیارێکی گشتی و یەکگرتووانەدا سوورن لەسەر ئەوەی هەتا گەیشتن بە داخوازییەکانیان درێژە بەمانگرتنەکەیان بدەن. ئەوەی لە یەك ساڵی ڕابردوودا، هەموومان شاهیدی بووین، دەورەیەکی نوێ لە خەبات وبزووتنەوەی کرێکارییە کە بە پێك هاتنی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحدو پاشان ڕێکخستنی ڕێك وپێکی مانگرتنە بچووك و گەورەکان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. ناوی سەندیکای شیرکەتی واحید، ناوی هەیئەت مودیرەی سەندیکا ناوی ڕێبەرانی وناوی بەرپرسی هەیئەت مودیرەی لە بەند کراوی، مەنسووری ئۆسانلوو، نەك تەنیا لەناوخۆی ئێران بەڵکوو لە دەروەی ئێران و لە ئەنجوومەنەکانی پشتیوانی کرێکاران ومافی پێکهێنانی مانگرتن وتەشەکول، دەدرەوشێتەوە. پشتیوانی کردنی یەك لە دوای یەکی ئیتحادیە وتەشککولە کرێکارییەکانی جیهان لە کرێکارانی شیرکەتی واحید وسەندیکا وڕێبەرانی لە بەند کراویان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

جەهەننەمێك کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێران وبە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان دروستیان کردووە، تەحەموول ناکرێت. دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران، بە ملیۆن خانەوادەی کرێکاری، چارە ڕەش کردووە. ئەم هەژار و بێ عەداڵەتیە بەرینە، بێکاری ماڵوێرانکەرە فەحشا، مندالانی سەرشەقام و کڕین وفرۆشتنی کچانی کەم تەمەن وتاوان وجینایەت وزیندان، ئەو دۆخەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کرێکاران و زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران بە دیاری هێناویەتی وکردوویەتە ئۆلگوویەك لە دەسەڵاتی خۆی.

خەباتی یەکگرتووانە و بە کۆمەڵی کرێکارانی شیرکەتی واحدی کە لە دەورەی ڕابردوو دا ، زۆرتر لەساڵێکی خایاند، تەنیا ڕێگە چارەی چینی کرێکار وکۆمەڵانی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێشی بۆ کەم کردنی ئاستی چەوساندنەوە و بێ مافو بەسووك چاولێکردن و مەرگی بەشێنەییان. دەبێ یەك دەنگ ویەکگرتووانە پشتیوانی لەکرێکارانی شیرکەتی واحید و داخوازییەکانیان بکرێت. با بە دەنگی ڕەساوە بەکەڵك وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێك لە ناوەوە، ئەم بزووتنەوە کرێکارییە پتەوتر بکەین کە وەك ساڵی ٥٧، خەریکە دەبێتە پێشەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازی، بادەنگی ئەم کرێکارە خەباتگێڕانەو یەکگرتووییان بەگوێی جیهان بگەینین.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بانگەوازی هەموو ئەندامان ولایەنگرانی کۆمەڵە لەسەرتاسەری کوردستان و ئەنجوومەن وتەشەککولە سیاسی– فەرهەنگی، سێنفی، ژنان دەکات، پشتیوانی هەمە لایەنە بکەن لەمانگرتن و داخوازیی کرێکارانی شیرکەتی واحدو سەندیکاکەیان.

لەهەموو ئیمکاناتی خۆتان وەك بڵاوکراوە، ماڵپەرە ئینتێرنێتییەکان، وێبلاگەکان وکۆر وکۆبوونەوەکانتان، بۆ پشتیوانی کردن لەو کرێکارانە کەڵك وەرگرن. کرێکارن وسەندیکای شیرکەتی واحیدی تاران و دەوروبەری لەو خەباتە دژوار ودوورودرێژە دا کە دەستتان پێکردووەو درێژەی دەدەن، ئێمە لە پاڵ ئێوەین و پشتیوانیتان لێدەکەین. کۆمەڵە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا لە چڕتر کردن وپێکهێنانی پردێکی پێوەندی لە نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان وخەباتی سەراسەریی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك هەوڵی داوە. ئەم پردی پێوەندییە ئێستا لە هەرکاتێکی دی زۆرتر پێویستە. ناهێڵین کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو هەقخوازانەکان یەکەیەکە بخاتە پەراوێزەوە.

بژی کرێکاران و سەندیکای شیرکەتی واحیدی تاران ودەورووەبەر
سەرکەوێ مانگرتن و خەباتی کرێکارانی شیرکەتی واحد
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٧ڕێبەندانی ١٣٨٤